# یادێک لەو گوڵانەی کە بەختی پشکوتنیان نەبوو

**پێشکەش بە ٢٥ی نۆامبر**

**پێشکەش بەو گولانەی کە بەختی پشکوتنیان نەبوو، بەو گولانە کە لەو دیوی شوشەی زستانەوە بە بالای بەرزی ئازارکانەوە پەیامێ کوتایی پێهێنانی دروێنەی گوڵ و مانایکی نوێ بو ورزی ژیانەوەیان بە دیاری هێنا.**

ریبوارێکی سەرلێشێواو، نامۆو پەشێو، ریبوارێکی بێ ناسنامە و بێ پەیکەرەم، رۆحێکی پەشۆکاوی بێ قەوارە. دێم و دەرۆم هەر رۆژەیان هەواری خۆم لە مەڵبەندێک و هەر شەوەیان بارگەی خەمم لە دوڵێکی تەمگرتوو بڵاو دەکەم، رێگا سەختە، پر لە ترسە، دوور و چەتوون. دەلێم نارۆم ئیتر نارۆم لاقەکانم یاریم نایەن، پالم پیوەدەنێن، دەمبەنە پێش"دەڵێن برۆ! دەبێ برۆی"، دەڵێم ماندووم ئیتر شانم ئەم هەموو خەمەی پی هەڵناگیردری،" دەڵێن برۆ دەبێ برۆی لە جیات ئێمەش، لە بری هەمووان دەبێ برۆی! „
ئێوارەیەکی درەنگ وەختە. خاتوو هەتاو تەوێلکراو ماتوخەمین دەکشێتەوە و بە دوای خۆیدا سوورییکی زور ئالوگەش وەک لیزگەییەک چەشنی تاجێ دەنێتە سەر بەرزاییەکانی ئەم وڵاتە خەم گرتوە، پێم سەیرە بەم هەموو ئازارەوە هەست بە جوانی ئەم ئێوارەیە نامۆیەی وڵاتەکەم دەکەم.
لە کوردستانەوە، لە مەڵبەندی حەز و ئاوات و تاسەو خەمەوە قسەت بۆ دەکەم و دەمهەوێ بۆ ساتێکی کورت ببمە میواندارت و لە گەڵ خۆمدا بتهێنمەوە ئەم وڵاتە تەم گرتوە . قامیشلی و بۆتانم جێهێشتوەو بە سەر دیاربەکەرو ئامێدا تێپەریوم. خۆم لە چوارچرای مەهابادا دەبینمەوە دیمەنی قازیم چاو لێیە، قازی لە سێدارە دەدەن. کۆت و بەندو سێدارەیە، دەنگی رەوای میللەتێکی پێ خاپوور دەکەن. شالاوی خەم لە ناوچاومدا و فرمێسکی قەتیس کراو هێور هێور بە بێ دەنگی دێتەخوارێ، دەنگەکان پێم دەڵێن برۆ! رامەوەستە هەنگاو بنێ. دێمەوە بەرە و باشوور، چاوم لێیە لە سەر تەلاری رووخاوی ئاواتەکانی ئەم میللەتە بە پۆل، بە سەد و بە هەزاران ژن و منال و پیرو گەنجەوە پاڵیان پێوە دەنێن. دەیان بەن بەرەو کوێ؟ کەس نازانێ، بەرەو ئەنفال، بەرەو ئەنفال... . چاوم لێیە کیژۆڵەیەک منالێک بە کۆڵەوە ماندوو هەڵدێ و دەرِوا و بەردەوام ورتەی دایکی رێگای نادیاری بۆ دیار دەکات کە دەڵێ" ئاوات هەڵێ برۆ بە جێگای سەبەرزی براشت هەنگاو بنێ، برۆ! برۆ! برۆن بژین، ئێوە دەبێ بژین! لە بری سەربەرزی براشت هەنگاو بنێ برۆ! „! هاوارە خنکاوەکان لە ناو یەکتردا شەپۆل دەدەن، لە رۆچنەیەک دەگەرێن بۆ رزگار بوون، فرمێسکەکان مەودا نادەن دێمەوە بەرەو رۆژهەڵات چاووم لێیە لە «قارنە» و لە «قەڵاتان» بە ریز خەڵکیان وەستاندووە و دەنگی دەسرێژی تفەنگەکان و پەیکەرەی پێ نەگەیشتووی نەمامەکان کە تێک دەرووخێ... رۆژی دوایی لە هەموو ماڵەکانی ئاوایی دەنگی شین و گریان بەرزە و ئاوەدانی رەشپۆش.
ئەز نازانم بۆ کوێ بچم! سەرەخۆشی لە کێ بکەم؟! نازانم چی بڵێم. رۆحێکی سەر لێشێواوم. لە هیچ کوێ ئۆقرە ناگرم، چاوم لە گۆمی خوێنە و بە بونی سێو لە هەڵەبجە دەمانکوژن. بۆم ناژمێردرێ، دەیان،

سەدان، هەزاران...... ئەم مێژووە، چەن خوێناوییە. لە خۆم دەپرسم بڵێی ڕۆژی ڕزگارمان بێت؟ دەڵێم بە سە چیدی ناتوانم.
پێم دەڵێن :" بڕۆ! ، دەبێ بڕۆی!، لە جیات ئێمەش، لە جیات هەمووان دەبێ بڕۆی.! "، گەیشتوومەتە «پیرەمەگروون» و بارگەی ئەم شەوم لێرە دەخەم چاوم لێیە چەن دڵ سەخی پیرە مەگروون، گەڵێک ماڵی لە ئامێز گرتوەو لە نێو لانکەی شەوانەی خۆی ئۆقرە ئەدات بە لەشی ماندووی ڕوژ. چراکان چاو دەترووکێنن و چیرۆکی کۆنی ژیان بە گوێیدا دەچرپێنن. بە خۆم دەڵێم بڵێی سبەی کە ڕۆژ هەڵدێت کام باڵندەی کۆچەری بۆ چێکردنی هێلانەکەی بگەڕێتەوە ئێرە؟ کام سەوزە سەر دەردێنێ و کام دار گوڵ بکاو کام کیژانە، کام لاوانە، نەمامی عەشق و ئەوین بچێنن. سەرم لە خۆم سوورِ ماوە لە ناو کانگای نائومێدیەوە هەست بە تروسکایی هیوایەک دەکەم و ئەو هیوایە چەن پیرۆزە، بە دەم ئەم یادەوە خەو دەمباتەوە. خەونەکان دەمبەن، دەمبەن و تیشکی نیگام شاری داگیر کردووە، دەبینم مێژوو چۆن دووپات دەبێتەوە، لە سەر زەریاچەی دووکان تەرمی ژنێک دەدۆزنەوە، دەڵێی لەم وڵاتە تەمگرتووە سەمفۆنیای کۆتایی پێهێنانی سەیرانەکانیان لە سەر تەرمێکی بێگیان جێژن دەگرن، لە سەر زرێبار تەرمی دوو خوشک لە ئاو دەگرنەوە دەڵێن شەوی پێشتر باوک و برا زۆریان لێداون، ئەشکەنجە و کۆت و زنجیری زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیم بیر دێتەوە. چاوم لێیە سەربەرز ناوێک ئاواتی خوشکی بە دەمانچە دەکوژێ و تەرمەکەی دەشارێتەوە. ئەنفالم بیر دێتەوە. چاوم لێیە مێردێک، برایەک، باوکێک ئاگر بەر ئەداتە جەستەی دایکێک، خوشکێک، کچێک، هەڵەبجەم بۆ دوو پات دەبێتەوە و بە خۆم دەڵێم ڕزگاری چی؟! بڵێی ئەم وشە مانایەکی هەبێت؟ چاوم لێیە دەکەس، سەد دووسەد، یا نا، شارێک کچێک بەردەباران دەکات. بە خۆم دەڵێم بڵێی چیتر باڵندە کۆچەرەکان بگەڕێنەوە بۆ ئەم وڵاتە وێران و خاپوورە؟ بڵێی، کیژێک، بلێی لاوێک چیتر بوێرێت نەمامی عەشق و ئەوین بچێنێت؟ بڵێی لە داوێنی سووتاوی ئەم وڵاتە هەڵقرچاوە ئیتر سەوزەیەک سەر دەربێنێت؟ خەونەکان ئیتر خەونی ناخۆش نین، ڕووداون، کارەساتن کە دەخولقێن و ئێمە هەموو مت و بێدەنگ ئەم بارە قورسە هەڵدەگرین. تریفەی خۆری دەمەوبەیان ڕوومەتی لە ڕوومەتم دەسووێ، گەرمایەک، تیشکێک لە ناو دڵی سەرماو تاریکیدا بە خەبەرم دێنێتەوە. ڕووداوەکان لە خەویشدا بەرم نادەن، ماندووم، ماندوو ئیتر هیچ شتێ ناتوانی بەرەو پێشم ببات.
دەڵێم: ناتوانم
دەنگەکان دەڵێن:" دەبێ بڕۆی. لە جیات ئێمەش .دوور بڕوانە ئاسۆ ڕوونە. تەنیا ئەو هەورازە ببڕە ئیتر گەشتووی."
دەپرسم: تەنیا ئەو هەورازە چەن دەخایەنێ؟
دەڵێن:" گرینگ نییە. دەبێ بڕۆی. ئەوەندە بڕۆی تا دەی گەیێ."
پێڵاو لە پێمدا دڕاوە و ئێستا هەست دەکەم کە ئەم عەرزە چەندە ڕەقە!، دەڕۆم و خەم و هیوا و ڕق و قین و خۆشەویستی، باری ئێشی دۆعا، پیلا، بەناز، هێشوو، سۆما، تارا و تەواوی ئەو گوڵانەی کە بەختی پشکووتنیان نەبوو لە گەڵ خۆم هەڵدەگرم، ئازاری برینەکانیان ئاوێتەی ئازارەکانم دەکەم بۆ درووست کردنی هەوێنی هیوایەکی نادیار بۆ برینی ڕێگایەکی نەناسراو، دەڕۆم، دەڕۆم تا دەی گەمێ. کە دەکەومە ئەو دیو هەورازەکە بیابانیکی وشکی پڕ لە دڕک دەبینم. هەناسەیەکی سارد لە ناخی دڵمەوە هەڵدەکێشم و دەڵێم چەن هەوڵێکی بێهوودە و بێ سوود بوو، ماندووم و دیمەنی ڕەقی ئەو قاقڕستانە دەریاچەی چاوانم پڕ دەکات و هاوار دیم ... بەڵام نا، نا، لە دوورەوە لە ژێر سێبەرێکدا گوڵێکی سپی، تاقە گوڵێک

چاوم لێ دەترووكێنێ. لە ناو دڵی شەوەزەنگدا ترووسكەیەک دنیایەک رووناكی بە دیاری دێنێ. لە قاقڕستانی بیابانێكی بێ كۆتایی تاقە گوڵێک وێنەی بەهارت بۆ دەخولقێنێ، باڵ دەگرم و دەفڕم و گوڵەكە دەچنم و بەرەو ئاسمان تووڕی دەدەم، دەیان، سەدان، هەزاران، نا ...! بارانی گوڵ لە ئاسمان دەبارێ. پێكەوە  حەلقە حەلقە تاجە گوڵینە درووست دەكەن و لەسەر روخساری  هەر گوڵێک وێنەی گیانێكی بەختكراوی تیاكێشراوە، بەزم و سەمایە، ئەنفالەكان،  بەیبۆنە هەڵوەریوەكانی هەڵەبجە، خانێ، قارِنا و قەڵاتان و مەهاباد، هەموویان پێكەوە گۆرانی دەڵێن. دۆعا، پێلا، تاڤگە، ئالا، بەناز، ئاوات، هێشوو.... هەموو لەم كەرنەڤاڵەدا بەشداری دەكەن و پێدەكەنن و پێكەوە سرود دەخوێنن. لە دوورەوە دایكی ئاواتیشم چاو لێیە. مەند و  لەسەرخۆ لە سووچێكدا راوەستاوە و چاوی لە ئاوات بڕیوە و بەرەوپیری دەڕۆم، دەستی دەگرم، گوێم لێیە لە ژێر لێوەوە سروودی ژیان دەڵێتەوە. لە بەر خۆیەوە دەڵێت:“ئاوات بڕۆ لە جیات سەربەرزیش بەرە و ژیان هەنگاو بنێ...„ دەنگەكان یەكدەگرن و تێكەل دەبن و دەڕۆن، دەڕۆن بەرەو نادیار، دەڕۆن بەرەو ئاسمان، دەڕۆن تاكوو دنیا داگیر بكەن.

**سەنتەری ژنانی كورد لە ئالمان . كوڵن**

**٢٥ . ١١ . ٢٠٠٧**

Center der Kurdischen Frauen in Köln-Deutschland
25-11-2007